# ئایه لە باکوری وڵات سەرکەوتووین؟ ئیرادمان لە کوێدایە؟!

rahmayub@yahoo.de



وەک دەزانین یەکشەممەی ڕابردوو 22ی جۆزەردان لە باکوری کوردستان هەڵبژاردنی پاڕلەمانی تورکیە بەڕێوە چوو و پاش ئەم هەڵبژاردنە هات و هەرایەکی گەورە لە لایەن بەشێک لە کوردانەوە سەری هەڵدا و ئاکامی هەڵبژاردنەکانیان بۆ کوردان بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کورد لە قەڵەم دا. بەڵام پرسیارێک کە ئێمە و مانان نابێ خۆمانی لێ بشارینەوە و ئەبێت لە خۆمانی بپرسین ئەمەیە کە، ئایا بە ڕاستی کورد لە باکوور سەرکەوتنی بە دەست هێنا؟

یەکێک لەو خاڵانە کە وەک سەرکەوتن دێتە ئەژمار نە تەنیا بەر بوونی کۆمەڵێک زیندانی سیاسی کورد وەک بەڕێزان ئەحمەد تورک و لەیلا زانا و... بەڵکوو بوونیان بە نوێنەری خەڵکی کورد و گەڕانەوەیان بۆ پاڕلەمانە. منیش بە نۆبەی خۆم زۆر دڵخۆش و شادمانم بەم هەواڵە، بەڵام ئەمە چ سەرکەوتنێکە کە ئەو بەڕێزانە بیست ساڵ پێش ئێستاش هەر نوێنەری پاڕلەمان بوون و تەنیا بە تاوانی کوردی قسە کردن لە پاڕلەمان و باسی مافی نەتەوەکەیان چەند جار خراونەتە زیندان و ئیستا دووبارە بەریان داونەتەوە و کردوویاننەوە بە نوێنەری پاڕلەمان؟ واتە زۆر شتەکە نەگۆڕاوە، چون ئەو بەڕێزانە بە بێ تاوان گیرابوون و ئێستاش بەر بوون و خروانەتەوە سەر پۆستەکانی ئەو کاتی خۆیان، لەم بەینەدا ئەوە ئێمەی کوردین کە بیست ساڵ تەمەنمان بە فیڕۆ چووە! (لێرە ئیتر باسی داگیرکرانی کوردستان و ئەو هەموو زیان و زەرەرە گیانی و مادییە ناکەین جارێ، با ئەمە بمێنێت بۆ کات و شوێنی خۆی!)

خاڵێکی دیکە کە وەک سەرکەوتن دادەنرێت، ئەمەیە کە کورد ئەمجارە 36 نوێنەری لە پاڕلەماندا دەبێت، کە دەکاتە دوو قاتی جارەکانی پێشوو و منیش ئەمەم پێ لە هیچ یا لە کەمتر پێ باشترە. بەڵام لە ڕاستیدا کورد دەبوو بە پێی ڕێژەی حەشیمەت، واتە نیزیک 40%ی خەڵکی تورکییە کوردن، لەم هەڵبژاردنەدا ببوایە بە خاوەنی دەور و بەری 150 کورسیی پاڕلەمان و نەک تەنیا 36 دانە. لە زیاتر لە بیست میلیون حەشیمەتی باکوری کوردستان کە زیاتر لە پانزدە میلیۆنی مافی دەنگدانی هەبووە و چاوەدێری ئوروپا و ڕۆژئاوا بە سەر دەنگەکانەوە هەبوون و جێگای ترس و نیگەرانی کەم بوو، بەڵام تەنیا دوو و نیو تا دوو و هەشتسەد میلیۆن کورد دەنگیان بە کورد داوە، باقی کوردەکانی خاوەن دەنگ کە زیاتر لە دوازدە میلیۆنن یا دەنگیان نەداوە و یا دەنگیان بە ئاکەپ، حیزبی دەسەڵاتداری ئیسلامی و پاڕتی کۆماری خەڵک واتە جێ هێ پێی ڕاسیست داوە! ئایا ئەمە سەرکەوتنە بۆ کورد؟

بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان لە شارە کوردییەکانی باکوری کوردستان زۆرینەی کورد دەنگییان بە حیزبی ئیسلامی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان داوە. تەنانەت لە شاری تونجەلی کە شارێکی کوردانە زۆرترین دەنگ کە کردوویەتییە 56% بە جێ هێ پێی دژە کورد دراوە! لە شارێکی دیکەی کوردان لە بینگول 67%ی دەنگی کوردان بە ئاکەپ دراوە لە وان 40% بە ئاکەپ، لە سیرت و ماردینیش هەروەها. لە دیاربەکر قەڵای کوردایەتی 32%ی دەنگەکان بە ئاکەپ دراون و ...!!

کەواتە ئەگەر لە ڕووی ئاکامی هەڵبژاردنی شارەکان و لە گشتییەتیدا بە ئەنجام بگەین، کورد ئەگەر چی نەیدۆڕاندووە، بەڵام سەرکەوتنیشی بە دەست نەهێناوە و هێشتا لە سەرکەوتن زۆر بە دوورە، تەنیا دەتوانین بڵەین کە ئەمە لە هیچ باشترە و ناکرێ ناوی سەرکەوتنی لێ بنرێت و پێویستە کاری زۆری بۆ بکرێت و لە هەموو گرنگتر ئەمەیە کە لە هەموو پارچە بندەستەکانی کوردستان ئەزموون لەم هەڵبژاردنە وەربگرین و چاو لێبکەین بزانین کەم و کووڕی کوردان لە کوێدایە. بە بڕوای من هەموو نیشانەکان ئەوە دەسەلمێنن کە کورد بە گشتی هەستیی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەریمان زۆر لاوازە و ئەبێت کار لەسەر ئەمە بکرێت، ئەگەر وا نەبوویایە کوردان دەنگیان بە نەیارانی خۆیان کە بە خوێنی ڕۆڵەکانیان تینوون نەدەدا. کاتێک زۆرینەی کوردان خۆیان خۆیان ئاسیمیلە دەکەن و خۆیان خۆیان ئیدغام دەکەن و لە نێو نەتەوەی داگیرکەردا خۆیان دەتوێننەوە، ئیتر ئاکامەکەی لەمە باشتر نابێت. ئێستا وەکو ئەوە وایە کە کورد لە باکور تەنیا سێ تا پێنج میلیۆن بێت، چوونکە پانزدە میلیۆن کورد لە باکور ئەوەندە هەستی نیشتمانیی و دڵسۆزی تیا نییە کە دەنگ بە نەتەوەی خۆی بدات و ئەمەش لە لاوازی کورد بوونەوە سەرچاوە دەگرێت و مەترسییەکی گەورەیە و ئەبێت کاری زۆری لۆ بکرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەورەی ناسیۆنالیزمی کوێر و توندڕەو بەسەر چووە، بەڵام بە دەنگدان بە نەتەوەکەی خۆی، هیچکەس نابێتە ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ، بەڵکو تەنیا ئەبێتە هێز بۆ بەرگری کردن لە دووبارە بە کۆیلە نەکرانەوەی خۆی و گەیشتن بە مافە ئینسانی و ڕەواکانی خۆی. دەنگی بەهێز و جەماوەری زامنی جارێکی دیکە بە کۆیلە نەکرانەوەمانە و پێویستە ئەمە هەموو بیزانین و بە چەپ و ڕاستەوە کاری بۆ بکەین. دەنگ نەدان بە خۆمان بە مانای خراپ لە سیاسەت و خراپ لە دێمۆکڕاسی حاڵی بوونە و ئەمانەش بە مانای نەخوێندەواری و کەم خوێندەواریی و نائاگاییە بە سەر داهاتووی خۆمان. تێنەگەیشتنە لە پلان داڕشتن بۆ داهاتوومان و نەخوێندنەوەی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەییمانە. بایەخ نەدان بە خۆمان وەک نەتەوە، سەلمێنەری تێنەپەڕان لە قۆناخی کۆیلایەتیمانە و نیشانیدەدات کە هێشتا خوێنی کۆیلایەتی لە ڕەگەکانماندا دەگەڕێ! ئەم خوێنە پێویستە پاک بکرێتەوە، لە کۆیلە بوون، عەشیرەیی و بنەماڵە چییەتی، گەندەڵبوون و.... تا ببینە خاوەنی ئەقڵییەتێک و خوێنێکی نیشتیمانی و ئینسانی و ئاشتیخواز لە ڕەگەکانماندا، کارمان زۆرە و هێشتا لە سەرەتایداین. بۆیە پێویستە لە هەر کوێ ئەم دیاردانە بەر چاو کەوتن، بە توندی ڕەخنەیان لێ بگیردرێت و لە قاو بدرێن! ئێمە ئێستا لە هەمیشە زیاتر پێویستمان بە ڕەخنەگرە تا بە کەسانێک کە هەرچییان بە چاو بینی خێرا باوەڕی پێ بکەن و قەبووڵی بکەن. ڕەخنە چرای ڕووناککەرەوەی داهاتوومانە و داهاتوی گەش و ئازادیش لە بەهێز بوونی دەنگەکانماندایە و نەک لە لاوازی و بێدەنگی و پرژ و بڵاویماندا. ئەبێت وەخۆ کەوین و دەنگەکانمان یەکخەین بۆ داهاتوو!**

24ی جۆزەردانی 2711



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com